## ئەنجیلا میرکل:

# پۆرترێتی ژنێکەو ئەلمانیا بەڕێوە دەبات

نووسینی : بودوان بۆلایر
وەرگێرانی بۆ عەرەبی: سلیمە لبال
و: شێرزاد هەینی ـ سوید
Sherzad55@hotmail.com



کاروانەکەی، میرکلی بەرەو کورسی راوێژکاری برد.

( 1 )

### ئەو مێینەیەی مارو ژەهرەکانیشی خوارد :.

وەرگرتنی پۆستی راوێژکاری بالآترین لوتکەی دەستەلآت لە ئەلمانیا کارێکی ئەوەندە سووک و ئاسان نەبوو، ئەو ژنە ئەگەرچی لە باوەشی خۆرهەلآتی شیوعیەتیەوە، هەر زمانی رووسی فێرنەبوو و بەس، ئەو لەوە راهاتبوو چۆن هزرو هەناسەکانی لە رووی دوارۆژی سیاسی خۆی بشارێتەوە. سستەمی خۆرهەلآتیش نەیتوانی ئەو داوەرێنێتەوە، چونکە ئەو لە منالّییەوە شەیدای بیرو بۆچوونی خۆرئاوابووە، کتێب و جینزی لە ئەلمانیای خۆرئاواوە بۆ هاتووە .ئەو سۆزو خۆشەویستیەی نێوان هەردوو بەشەکەی ئەلمانیا توانی بەستەلەکی بەفری ساردی نێوانیان بتاوێنێتەوە، هەموو پەیوەندیەکانی شکاندو ویستی گەرمی هاووڵاتیان بەردەوام بوو، تا دیوارەکەی بەرلین لە بەیانیەکا تا هەتا هەتایێ رووخاو هەردوولا یەکیان گرتەوە .

وەک راوێژکاری  پێشووی ئەلمانیا هلمۆت کۆل بە کیژۆلە، بە ئەلمانیەکەی ( داس مادشن ) ناوی هێناوە، لە 22 ی نۆفمبەری 2005 و لە تەمەنی 51 ساڵی بووە راوێژکاری ئەلمانیا، ئەو پلەیە بە دەگمەن بەر ژنێک کەوتووە، لە مێژوو رووی نەداوەو دووبارەبوونەوەشی ئاسان نی یە. ئەو ژنە لە فیزیا پسپۆربووەو کیژە گەورەی قەشە ( لۆسەری ) یەو ئیماندارەو دووجار شووی کردووەو منالّی نەبووە .

رۆژنامەی ( القبس ) بە زەنجیرە وێنەی ئەنجیلای سەرۆکی ئەلمانیاو سەرۆکی ئێستای یەکێتی ئەورووپی دەکێشێت. با سەرەتا باس لەو رووداوەو پێشهاتانە بکەین کە رووبەرووی ئەلمانیاو ئەوروپا دەبێتەوە. لەو قۆناخەدا ژنان دەیانەوێت جێ دەست و ناویان لەسەرکردایەتی ئەو سیاسەتە دیاربێت، هەر لەو رۆژانەدا ژنە ئیشتراکیخوازی فەرەنسی ( سیگۆلین روایال ) دەچێتە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەو ولاتە تا پۆستی سەرۆکایەتی  وەک هاورێیە ئەلمانیابەکەی بەدەست بهێنێت .

پاش 87 ساڵ لەوەرگرتنی ژنان مافی دیموکراسی پالاوتیان، لە نوفمبەری 2005 یەکەم ژن لە پرۆسەی هەڵبژاردنا گەیشتە لوتکەی دەستەلاّتی ولات. وەرگرتنی ئەو پۆستە لەلایەن ژنێکی ئەلمانی جێگای سەرسورمانی گەورە نوێنەرانی بزاڤی ژنانی ئەلمانی ( ئالیس شوارتزر ) بوو، لەو بۆنەیەدا ئەو سەرکەوتنەی بە چوونی رەشەکان بۆ ناو کۆشکی سپی ئەمریکی شوبهاند .

ئەو هەر لە شێستەکانەوە لە بزاڤی ژنانی ئەلمانیەوە خەباتی کردووە بۆ ئازادی و سەربەستی ژنان. هەرچەندی ژنان لەو ولاتانە زۆری مافەکانیان بەرقراربووەو لە زۆر لایەنی کۆمەلاّیەتی و سیاسی ئازادی تەواویان هەیە، بەلاّم خەبات لەو مەیدانەدا هەر بەردەوامە، داواکاری بۆ هاوشانی پیاوان لە جۆشدایە. ئەو لەو خەباتە دوورودرێژەیدا زۆر کۆسپ و تەگەرەو شکانی هاتیە پێش، بەلاّم بە میانرەوەیەکەی خۆی بەردەوام بووو کۆلّی نەداوە .

ئەنجیلا میرکل بە توانا مێینەکەی خۆی توانیەتی بەرگری بکات و لە زارو ژەهری مارەکانی چواردەوری بپارێزێت و سەلامەت دەرکەوێت، لەو کاروانە درێژەدا لە کاتی پێویست و لە شوێنی گونجاویش خەرەندی لێداوە. ئەو بۆچونەش بیری و دۆزینەوەی بەرنامەی کاری ( ئان ماری ) توێژەر لە بنکەی توێژینەوەو لێکۆلینەوەی دەولی لە زانستە سیاسییەکانیشە..

## زەردەخەنەو گرژبوونەوە :

لە رۆژانی هەلمەتەکانی هەڵبژاردنا توێژە سیاسییەکان و میدیاکانی ئەلمانی زۆریان، لەسەر زۆری و پانی دۆلابی جلەکانی و رەنگی قژی و ژیاننامەو هالە رەشەکانی چواردەورەی چاوانیکرد، زۆریان لەسەر ماندبوونی زۆری نووسی، بە بەخشندەیان وەسفکرد، زۆریش باسی زەردەخەنەو گرژی و چوستی و رێکوپێکی بەرنامەی رۆژانەو ئینزباتیەکەیان کرد. .. هتد. ئارنا هنیکۆت شوبکزی نوێنەری لۆکسۆمبرگ لە پەرلەمانی ئەورووپی سەبارەت باسکردنی ئەو هەموو وردەکاری رۆژانەو تایبەتیانەی میرکل لە رۆژانەی هەڵبژاردنا بە سروشتیان ناوبردووە، دیارە لە کۆمەلگایەک و دەستەلاّتێک بە چرنۆکی پیاوانەوە گەمارۆ دراوە ژنێک بۆ ئەو پۆستە بێتە پێشەوە ئاسایی نەبووە. میرکل لەبەر چاوی ناوەندی ژنانەوە گەورەتر نەبوو، ئەو زوو زوو دەیووت من ژن بم لام باشترە لەوەی لە خۆرهەلاّتا بژیم .

ئەو برایەکی گەورەتری لە خۆی هەیە بەناوی مارکۆس و خوشکێکی بەناوی ئایرین هەیە. لە خێزانێک ژیاوە دەستەلاّتی ئاینی و باوکسالاری باوکێکی قەشەی پێوە بووە. باوکی هۆرست کاسنر لە ساڵی 1926 لە برلین بونکۆ لەدایکبووە، لەسەردەمی شەری ساردا ناوی ( سستەمی بونکۆ ) یان لە حکومەتی ئەلمانیای خۆرهەلات نابوو، کە والتر یولبریخت سەرۆکی بووە .

**دایكێك له كه‌نیسه‌و منالٚ و چێشتخانه‌ یاخی ده‌بێت :**

ئه‌گه‌ر میركل دان به‌وه‌ بنێت ئه‌و زۆر په‌یوه‌ندی به‌ ( هرلیند ( ی دایكی خۆش بووه‌، ئه‌وه‌ جێگای سه‌رسامی نی یه‌. جا ئه‌گه‌ر په‌یوه‌ندیه‌كه‌شی له‌ رووی سۆزداری دایكایه‌تیش بێت، دایكی ئه‌و ژنێكی ئاسایی نه‌بوو، وه‌ك ژنانی تری ئه‌لمان رۆژانه‌ی له‌ناو چێشتخانه‌ی ماڵه‌وه‌ به‌سه‌رنه‌بردووه‌، ئه‌و ژنێكی رۆشنبیرو تێگه‌یشتووبووه‌، ئه‌و حه‌زی له‌ سێ شت نه‌كردووه‌، هه‌ر سێ شته‌كه‌ به‌ زمانی ئه‌لمانی به‌ پیتی ( ك ) ده‌ستی پێكردووه‌، ئه‌ویش ( كیرش، كۆش، كیندر( ، به‌ كوردییه‌كه‌ی واته‌ ( كه‌نیسه‌و چێشتخانه‌و منالٚ )، كیژه‌كه‌شی وتویه‌تی له‌ دایكم راهاتم و فێربووم چۆن رووبه‌ری رۆژانه‌ی ژیانم ببمه‌وه‌ !..

هرلنید، له‌ سه‌رده‌مێكی ئاڵۆزی ئه‌لمانیا له‌ دایكبووه‌و ژیاوه‌، ئه‌و له‌ ساڵی 1928 له‌ گدانسك له‌ سه‌رده‌می داگیركردنی هه‌ردوو ئه‌لمانیه‌كان له‌دایكبووه‌، ئه‌و ده‌مه‌ ئه‌و به‌نده‌ره‌ پۆلۆنییه‌ به‌ پێی په‌یمانی فرسای له‌ژێر ده‌سته‌ڵاتی كۆمه‌ڵه‌ی نه‌ته‌وه‌كان بووه‌، ئه‌و ژنه‌ی ئێمرۆ ته‌مه‌نی 78 ساڵه‌ له‌و ژنانه‌یه‌ ئه‌وانه‌ی ژیانیان له‌ناو گێژاو ئاشووبه‌و گۆڕانكارییه‌كانی ئه‌لمانیای ئه‌و كاته‌ به‌سه‌ربردووه‌، بۆیه‌ ژنێكی ره‌ق و جه‌ربه‌زه‌ی لێكه‌وتیته‌وه‌، زۆرتر گه‌شه‌ی كردو ره‌وشتی تایبه‌تی وه‌رگرت كه‌ شووی به‌ قه‌شه‌یه‌ك كردووه‌. ئه‌و ژنه‌ له‌سه‌رده‌می ئه‌لمانیای دیموكراسی كاری مامۆستایه‌تی لێ قه‌ده‌غه‌كراوه‌، بۆیه‌ ئه‌و وه‌ك یارمه‌تیده‌ری پیاوه‌كه‌ی بۆ په‌روه‌رده‌كردنی مناڵه‌كانی ماوه‌ته‌وه‌، پاشان كه‌ مێرده‌ قه‌شه‌كه‌ی له‌ سه‌كۆیه‌كی پرۆتستانتی كاریكردووه‌، ئه‌و ده‌وری زۆری بینیوه‌، زۆر جار له‌ پێناوی گه‌شه‌و به‌رنامه‌ی كیژه‌ گه‌وره‌كه‌و مێرده‌كه‌ی قوربانی زۆری داوه‌. دایكی میركل ژنێكی به‌ هه‌ڵوێست بووه‌و بۆچوونه‌ چه‌پره‌وه‌ییه‌كه‌ی سووك نه‌ده‌كرد، ده‌یتوانی له‌ ناو ریزه‌كانی حزبی ئیشتراكیدا جێگاو پله‌ی هه‌بێت، به‌ڵام ئه‌و تا میركلی كیژی نه‌كه‌وێته‌ به‌رچاوان، خۆی دوور راده‌گرت، ئه‌و سه‌رده‌مه‌ش تازه‌ دیواری به‌رلین رووخابوو .

كه‌ له‌ ساڵی 1990 كیژه‌كه‌ی چووه‌ ناو رێزه‌كانی كریستیانه‌ دیموكراسییه‌كان ئه‌و زۆر لای ئاسایی بوو، ئه‌و ده‌مه‌ش ماركۆسی كوڕی دۆستی كه‌سكه‌كان بوو، ئه‌و كیژه‌ی رۆژانێك خۆی به‌ چه‌پخواز ده‌زانی، رۆژێ هات چووه‌ ناو رێزی حزبێكی گه‌وره‌ی ئه‌لمانی راست و میانره‌وی كریستیانی .

**ژنان چیتر ناتوانن ده‌نگیان به‌رزبكه‌نه‌وه‌:**

ئه‌و له‌ 22 ی نۆفمبه‌ری 2005 له‌سه‌ر بالكۆنه‌وه‌ چاوی له‌ مه‌راسیمی دانانی كیژی بوو، وه‌ك راوێژكاری ئه‌لمانیا داده‌نرا. میركل، هه‌موو لایه‌كی شله‌ژاند كه‌ هاواری كرد: ئێمه‌ زۆرتر ئازادی داوا ده‌كه‌ین.!له‌به‌رده‌م ئاماده‌بوان هاواری كرد، من ئێمرۆ زۆر هه‌ستم بۆ دایكم ده‌جولًێت چونكه‌ ئێمرۆ بوارم نه‌بوو زۆر ببینم. ئه‌و ده‌مه‌ی ئه‌و وتاره‌كه‌ی پێشكه‌ش ده‌كرد، نموونه‌ی ژنانی به‌رچاوی ئه‌لمان زۆربوون تا ئه‌و ئیشاره‌تیان پێبدات، به‌ڵام ئه‌و ناوی دایكی خۆی هێنا. دایكی ئه‌و نموونه‌یه‌كی تربوو، تازه‌ دیواره‌كه‌ی به‌رلین رووخابوو، ئه‌و ده‌رسی زمانی لاتینی و ئینگلیزی به‌ كیژه‌كه‌ی ده‌وته‌وه‌، تا بۆشاییه‌كان پڕبكاته‌وه‌، ئه‌ویش تا ماوه‌ بزره‌كان پڕبكاته‌وه‌ زۆر خۆی ماندووكرد . دوو ژن له‌ كاروانی به‌رده‌وامی میركل ده‌وره‌یان هه‌بووه‌، هه‌ردووكیان هاووڵاتی ئه‌لمانی خۆرهه‌ڵات بوون، ئه‌وه‌ی ناوی هاتووه‌و باسیكراوه‌، ماری سكلۆدوفسكای پۆلۆنی ناسراو به‌ ماری كۆری، ئه‌وه‌ی له‌ نۆفمبه‌ری 1891 له‌ ته‌مه‌نی 24 بۆ خوێندنی فیزیاو بیركاری له‌ زانكۆی سۆربون بۆ پاریس سه‌فه‌ری كردووه‌، چونكه‌ ژنان ئه‌و كاته‌ بۆیان نه‌بووه‌ خوێندنی باڵا له‌ ولاته‌كه‌ی خۆیان ته‌واو بكه‌ن .

**به‌ هۆی ته‌لفزێونه‌وه‌ خۆرئاوای دۆزیوه‌ته‌وه‌ :**

ئەو ژنە راوێژکارە ئەلمانیە فیزیاوییە، لەبەرئەوەی بە رەگەز پۆلۆنی بووە، بۆیە لە دەمارەکانی خوێنی پۆلۆنیش هەبووە، تێزی خوێندنەکەشی بەناوی ( ژماردنی نەگۆڕەکانی خێرایی و تفاعلە بنەڕەتیەکانی سوتەمەنی سادە ) بووەو لە ساڵی 1986 دکتۆرای لەو بابەتە وەرگرتووە .چونکە شەیدا خوێندنی فیزیابووە بۆیە، ڕێزی زۆری بۆ ئەو زانایە فەرەنسیە پۆلۆنیە هەبووە، ئەوەی لە ساڵی 1903 لەگەڵ بییر کۆری مێردی و هنری بیکریل خەڵاتی نۆبلی ئاشتی بەرکەوتووە .

## ڕۆژنامەنووس فرانسواز جیرۆ لە کتێبەکەی سەبارەت بە ماری کۆری نووسیویەتی :

ئەو ژنە دەیویست زۆر لەسەر مادە بزانێت و زۆرتر لە نهێنیەکانی بخوێنێتەوە، ئەو ڕێزی زۆری بۆ پێشکەوتنی زانست هەبووە، سەرچاوەی سەرەکی کارەکانی بیروهزری خۆی بووە، لە زانستی بیرکاریش زیرەک و بەتوانا بوە، بڕواشی بە راستیەکانی ئەو زانستە هەبووە..

دەکرێ ئەو پێناسەیەش هەندێک لەسەر رەوشت و بەرنامەی کاری زانستی راوێژکاری ئەلمانی بدۆزرێتەوەو بوونیان هەبێت، ئەگەرچی پێچوون و هاوشێوەیەش لەو دوو کەسە بەدی کراوە، بەڵام ئەو بینینی خۆی لەو نەدۆزیوەتەوە، چونکە ئەویش وەک ماری کۆری شەیداو فێرخوازی فیزیابووە .
پاش رووخانی دیوارەکەی بەرلین، ئەو زوو ویستویەتی لە نهێنەکانی ئەلمانیای خۆرئاوا بزانێت، جیهانی خۆرئاوا بناسێت، ئەو ئەوانی لە تەلفزیۆن و چەند راپۆرتێکەوە ناسیبوو. زۆر بەدوای ئەو مەسەلەیە بە نهێنیش گەڕابوو، تا لە کۆتایی گەیشتە لوتکەی دەستەڵاتی ئەو ولاتە ..
ژنی دووەم کە ئەنجیلا میرکل جێگایەکی جوان و خۆشی لە دڵیدا هەبوو، کاترینی دووەم بوو، بۆیە ئیمرۆش ئەو پۆتریتی ئەوی لە ژوورەکەی داناوە، ئەو ژنە شازادەیە کیژی کۆنت ( ئانهالت زربست ) بوو، ئەوەی پاشان بووە ئیمپراتۆر. ئەو کیژە شووی بە ( پترسی سێیەم ) کردو پاشان و هاتە سەر کورسی، تا حکومی رۆسیاش بکات مێردەکەی کوشت، تا لە ساڵی 1796 لە سانت بیترسبۆرگ مرد، لەسەر ئەو کورسییە مایەوە .
لەبەر ئەوەی کاترینی دووەم وەک ئەو ژن بوو، ئەلمانیش بوو، بۆیە میرکل خۆی بەو گرێداوە. ئەو ئیمپراتۆرە دۆست و دڵسۆزەکانی بە ) ئەستێرە ) و ( سمیرئەمیسی خۆرهەڵات ) ناویان بردووە، دوژمن و ناحەزەکانیشی بە ( ژنە قەڵەوەکە ) و ( قەحپە پیرەژنەکە ) ناویان بردووە، بەڵام هەرچی بێت کاترین ژنێکی رۆشنبیربووە، لەگەڵ ( فۆلتێرو ئالمبرت ) نامەیان گۆڕیوەتەوە، کتێبەکانی تاسییت و میکیافیلی و مونتیسکیو خوێندیتەوە♂.

## عاشقی تۆپی پێ یە :

کە پرسیاری ئەوەیان لێکردووە تۆ پشتیوانی بزاڤی ژنان دەکەیت ..؟؟ لە وەڵامدا بەرگری لە خۆی کردبوو و وتبووی :
ئایا ئەوە هەڵەی منە زۆربەی زۆری گەورەپانی سیاسەت بەر پیاوان کەوتووە، زۆریشیان رەوشتی مازۆشییان هەیە.؟
کە نێوان یونیوو یولیوی ساڵی پار لە ئەلمانیا جامی جیهانی تۆپی پێ سازکرا لەوێی بە رووخۆشی و پێکەنینەوە قسەی

لەگەڵ نوێنەری پیاوانی دەستەی تۆپی پێ کرد، پێیووتن :ئێوەش وەک تیپی ژنان، بتانبینم جامە جیهانیەکەی ئەمساڵ وەرگرن .
بۆ رۆژنامە میللەکەی ( بیلد ) لە ینایری ساڵی 2006 ئەنجیلا میرکل وتبووی: من زۆر حەز لە یاری تۆپی پێ دەکەم، منیش تیپی بیارن میشون بە پێشەنگی یانەکانی ناو ئەلمانیا دەزانم .
ئەو یاساو پەیرەوەی ناوخۆی توپی پێ باش دەزانێت، لە رۆژنامەنووسەکەشی پرسیبوو، ئەگەر راوێژکارەکە وەک من ژن نەبوایە، ئەو پرسیارانەت ئاراستە دەکرد، ئەو ئەوەی بیری لێنەدەکردەوە رۆژنامەنووسەکە پرسیاری تۆپی پێی لێ بکات، پرسیارەکانی بە سەرسامیەوە وەرگرتبوو. دوا پرسیاریش ئاراستەی ئەو کرابوو، ئایا خالی هاوبەش نێوان هاوپەیمانی حکومی و تیپی نیشتیمانی تۆپی پێ هەیە.؟

## لە وەڵامدا وتبووی :

پێویستە تیپی نیشتیمانی تۆپی پێ، یاریکەرانی پێشەنگی یانەکان لە رووی ئینسانیەوە لەیەک لە مەیدانا باش لەیەکتری بگەن، سەبارەت بە هاوپەیمانی حکومیش پێویستە کریستیانە دیموکراتەکان و ئیشتراکییە دیموکراتەکان هەمان مەبەست بپێکن .

## پێویستی بە وەرگێر نی یە، تا لە سەرۆک بۆتین بگات :

ئەگەرچی ئیمپراتۆرە ژنەکەو فەیلەسوفەکانیش لە فەرەنسای گۆراو دوورکەوتنەوە، راوێژکاری ئەلمانی دەرحەق بە بزاڤی رووناکییەکان لایەنگیری ناشاریتەوە، ئەو کارەکانی کاترینی دووەم لە زۆر رووەوە بە چاکسازی و گۆڕان ناساندووە، چونکە ئەو کەنیسەی بەرەوە علمانیەت بردووەو گۆڕانی زۆری کردووە، رووبەرێکی زۆری خوارووی رۆسیای بە ئەلمانەکان بنیاتناوە .
هیلین کاریر دۆنکوسی نووسەری کتێبی ( کاترینی دووەم( ، سەردەمی کاترینی لە روسیا، بە تەمەنی زێرینی روسیا ناوناوە. ئەو مێژووەی پاش شەڕی دووەمی جیهان لە روسیا نووسراوەتەوە دەورەی ئەو ژنەیان بە باش نەزانیوەو ناویان بە چاکە نەبردووە، زۆر جاریش کاتی ئەوە هاتووە شتەکان راست بکەنەوە، ئەگەرچی بە قسەی پیاوانی ئەکادیمی شارەزا، ئەو ژنە ئیمپراتۆرەیان بە پیاوی دەولەت ناوبردووە، دیارە گومانیش لەوەدا نەبووە پاش پترسی گەورە، ئەو ژنە پیاوی گەورەو دیاری دەولەت بووە لە روسیا، یان بەیەکەوە !.
ئەنجیلا کە لە سەردەمی گچکەیی خوێندکاری باشی زمانی روسی بووە، بۆیە قەناعەتی وای پەیداکردووە. ئەو لەسەردەمی کۆماری ئەلمانیای دیموکراسی بواری بۆ رەخسابوو تا باش زمانی لینین فێربێت، ئەو هەردوو زمانی باش و یەک زانیوەو ئیمرۆش کە دیداری لەگەڵ سەرۆکی روسی فلادیمیر بۆتین بووە پێویستی بە وەرگێر نەبووە، چونکە نەک هەر زمانەکەی بە باشی زانیوە، لە کلاسیکیەتی هونەری حکومیشی شارەزابووە .

## نازناوی مێردە کۆنەکەی هێشتۆتەوە :

راوێژکاری ئەلمانی ئەنجیلا میرکل دووجار شووی کردووە، یەکەمیان ( باولریش میرکل ) بوو، کە نازناوەکەی ئەوەی لە پاش ناوەکەی خۆی هێشتۆتەوە، ئەو مێردکردنەشی بە هەڵەی هەرزەکاری ناودەنێت .لە یاساکانی وڵاتی ئەلمانیای دیموکراسی ئەوە باوبووە، تا ژن خانووو کار لە هەمان شار وەرگرێت دەبێ ژنەکە شووی

کردبێت و پەیوەندی ڕەسمی بە پیاوێکەوە هەبێت، بۆیە لە تەمەنی 23 ساڵیدا لەگەڵ خوێندکارێکی فیزیا کە لە شاری لایبزیک ناسیبووی لە کەنیسە مارەکراوە. ئەوەش زوو و بە خێرایی کراوە، بۆیە پاش چوار ساڵ بەیەکەوەبوون، بێ ئەوەی ئەو ماوەیە هیچ ئازارێکی دەروونی یان رووشکانێکی بێتە ڕێ ژیاون و لە ساڵی 1982 جیابونەتەوە .پاش ئەو جیابوونەوەیە بە هێمنی و دوور لە یەک ژیاون، کە باولریش ژنی هێناوە بەیەک وشەو بۆ یەک جاریش بە خراپە ناوی ژنە تەڵاقدراوەکەیی پێشووی نەهێناوە. کە لە ناوەندی هەشتاکان لە ئەکادیمیای زانستەکانی بەرلینی خۆرهەڵات بووە، بۆ جاری دووەم شوویکردووە، پیاوەکە ناوی ( جواشیم سویر ) بووە، ئەویش پیاوێکی کیمیاناسی بەرزەبووەو چوار ساڵیش لەو گەورەترە، ئەو زووتر ژنی هەبووەو لە ژنی یەکەمی دوو کوڕی هەیە، پێش رووخانی دیوارەکەی بەلین زوو زوو دەچووە شاری براغ لە خۆرهەڵات و شاری کارلسرۆی خۆرئاوا، کە دیوارەکەی بەرلین رووخا ماوەی چەند مانگێک بۆ ئارامی لە ساندییگۆی کالیفۆرنیا ماوەتەوەو پاشان گەڕاوەتەوە زانکۆی هۆمۆلدتی بەرلین .

ماویەتی :